# ئابووریی کشتوکاڵی
# Agricultural Economics

م. شيلان حميد عبدالقاد
shilan.abdulqadir@su.edu.krd

سالّی خوێندنی

2020-2021

# بەشی یەکەم: پێناسە و چەمکەکان

## یەکەم :- زانستی ئابووری :- (Economics)

زانستی ئابووری زانستێکە لێکۆڵینەوە لە چالاکییەکانی مرۆڤ دەکات، ئەویش بە بەکارهێنانی دەرامەتە سنووردار و ڕێژەییەکانەوە، بۆ مەبەستی تێرکردنی پێداویستیە جۆراوجۆر و گەشەکردووەکانەوە، یان زانستێکە لێکۆلینەوە لە خۆشگوزەرانی ئابووری دەکات، یاخود زانستێکە گرنگی بە بەرهەم هێنانی کاڵاو خزمەتگوزاری دەدات بەسەر کەسەکان دابەش دەکات بەمەبەستی بەکاربردنی.



کێشەی ئابووری
المشكله الاقتصاديه
زۆری پێداویستیەکان
کەمی کەرستە ئابووریەکان
کار
سەرمایە
زەوی
رێکخستن
پێویستی ماددی
پێویستی نامادی
خواردن
جل و بەرگ
نیشتەجێ بوون
خوێندن
چاودێری تەندروستی
رۆشنبیری

# دووەم : كشتوكاڵ
# Agriculture

- زانستێكە یان هونەرێكە بۆ چاندنی زەوی، واتە بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و سەوزە و میوە...هتد لەگەڵ پەروەردەكردنی ئاژەڵ و پەلەوەر...هتد لە كێڵگەی دیاریكراودا.
- كشتوكاڵیش وەكو هەر زانستێكی دیكە پشت بە كۆمەڵێك بنەما و بنچینەی زانستەكانی تر دەبەستێت وەكو زانستی بایلۆجی و كیمیا و ڕووەك و ئاژەڵ و ئەندازەو ئامار...هتد.
- هەروەها دەتوانین بڵێین كشتوكاڵ هونەرە، چونكە پشت بە شارەزایی و كارامەیی مرۆڤ دەبەستێت، چونكە مرۆڤ بەدرێژایی ژیان هەوڵدانی بۆئەوەیە بگاتە دەسكەوتی خۆراك و شوێنی نیشتەجێ بوون بەباشترین رێگا.
- كشتوكاڵیش لەدووبەشی سەرەكی پێكدێت:-
- ١) بەشی ڕووەكی.

# سێیەم : ئابووری کشتوکاڵی
# Agricultural Economics

- یەکێکە لە لقە سەرەکییەکانی ئابووری، بریتییە لە لێکۆلینەوەی ئەو گێروگرفتانەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، کە تایبەتن بەکشتوکاڵ .
- ئەمەو سەرهەڵدانی ئەو زانستە و گەشەکردنی بۆکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. دیارە زانکۆکانی ئەڵمانیا پێشەنگی هەموو زانکۆکانی جیهان بوون لەبارەی لێکۆڵینەوە لە ئابووری کشتوکاڵی و لقە جۆراوجۆرەکانییەوە.
- کەواتە ئابووری کشتوکاڵی زانستێکی پڕاکتیکییە، لەبنەما و بنچینەکان و هۆیەکانی هەولّی مرۆڤ لەڕووی چالاکی کشتوکاڵییەوە دەکۆلێتەوە.
- یان بریتییە لە کۆمەڵێك هزر و تیۆری کشتوکاڵی بەمەبەستی زاڵ بوون بەسەر ئاستەنگەکانی کشتوکاڵ تا قەبارەی بەرهەم زیاد بکات و زۆرترین پێداویستی بریکاتەوە.

# چوارەم : جۆرەکانی کشتوکاڵ
# Types of agriculture

- لەگرنگترین جۆرەکانی کشتوکاڵ بریتییە لە:–

**<u>١) کشتوکاڵی سەرەتایی:</u>**

- جۆری کشتوکاڵ و پێشکەوتنی لەسەر ئاستی جیهانی بەندە بەو گەل و وڵاتانەی، کە بەکاری دەهێنن، بۆنموونە کشتوکاڵی جێگۆڕکێ لە هەرێمەکانی ئیستوا ئەنجام دەدرێت، بەڵام کاتێك ئەو زەوییە بەپیتی نەما، ئەوا جوتیارەکانی ناوچەی ئیستوائی بۆ پارچە زەوییەکی نوێ کۆچ دەکەن، واتە هەوڵ نادەن زەوییەکە بەپیت بکەن، ئەمەش بەهۆی لاوازی لایەنی ڕۆشنبیری جوتیارەکانەوەیە.

# کشتوکاڵی سەرەتایی







هەندیك لەو ولاتانەی دەکەونە سەر هیلی ئیستواء: غابون، جمهورية الكونغو، جمهورية الكونغو الديمقراطية، أوغندا، كينيا، الصومال، إندونيسيا، الإكوادور، البرازيل.

# ٢ )- كشتوكاڵی چڕ :-

- کاتێك ئارەزووی مرۆڤ بەرەو سەقامگیری و جێگیربوون دەچێت، هەرچەندە رۆشنبیری کشتوکاڵیشی کەم بێت و بەهەمان شێوەی زەوی نوێش کەمە، ئەوا جوتیارەکە زەوییەکە بەسەردوو پارچە دابەش دەکات و بەشێکی دەچێنێت و بەشەکەی تر بە بەیاری دەهێڵێتەوە، ئەمەش وادەکات کشتوکاڵی شێوەی دووانە، یان سێیانە ئەنجام بدرێت.
- ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەو ناوچانەی، کەدانیشتوانیان زۆرە، بەهای زەوی کشتوکاڵی بەرز ببێتەوە، وەك ناوچەی دەورووبەری ڕووبارەکان.

# کشتوکالي چړ



# ٣ )- كشتوكاڵی بەرفراوان :-

ئەم جۆرە كشتوكاڵە لەو ناوچانە ئەنجام دەدرێت، كە زەوی كشتوكاڵی زۆرییان هەیە، بەلاّم بەشێوەیەكی تێروتەسەل بەكارناهێنرێت، ئەمەش بەهۆی كەمی ژمارەی دانیشتوانەوەیە، كەچی كاتێك ئامێر و مەكینە و شارەزایی زۆر هەبوو، بەهەمان شێوە هۆكارەكانی گواستنەوەش بۆ بازاڕ پێشكەوتوو بوو، ئەوا ئەو زەوییانە بەشێوەی فراوان بەكاردەهێنرێت، چونكە ئامێر و مەكینەكان دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی بەكارهێنانی كرێكار، هەروەها بڕشتی دۆنمێك لە ناوچەی كشتوكاڵی چڕ زۆرترە لەو ناوچەیە.

# کشتوکاڵی بەرفراوان



## ٤)- کشتوکاڵی جۆراوجۆر :-

- لەم جۆرە کشتوکاڵەدا، جوتیار کۆمەڵێك بەروبووم بەرهەم دەهێنێت، کە پێویستی بە هەندێکیان هەیەو هەندێکی تریشیان ڕەوانەی بازاڕ دەکات.
لە گرنگترین سوودەکانی ئەم جۆرەکشتوکاڵە بریتییە لە:—
- ا) پارێزگاریکردن لە بەپیتی زەوی.
- ب) دابەشکردنی کار و ئامێر و مەکینەکان بەسەر وەرزەکانی ساڵدا.
- ج) توانای بەرهەمهێنانی زۆربەی ئەو بەرهەمانەی هەیە، کە جوتیار و خێزانەکەی پێویستیان پێ هەیە.
- د) لە ئەگەری زەرەرمەندی لە کشتوکاڵ دووردەکەوێتەوە.
- ه) داهاتی جوتیار بەسەر وەرزەکانی ساڵ دابەش دەبێت.

# کشتوکاڵی جۆراوجۆر



## ٥ )- کشتوکاڵی تایبەتمەند :-

- بریتییە لە تەرخانکردنی کشتوکاڵ بەچاندنی یەك بەروبووم، بۆ نموونە:
- (چای، لۆکە...هتد) ئەو جۆرە کشتوکاڵەش یەك جۆر بەروبووم یان زیاتر بەرهەم دەهێنێت، بۆ ئەوەی جوتیار ٥٠٪ی داهاتی نەختی ساڵانەی دەست بکەوێت، ئەو جۆرە بەرهەمەش بەشێکی زۆری بۆ ناردنە دەرەوەیە و بەشێکی کەمی لە ناوخۆ بەکاردێت .لەگرنگترین سوودەکانی کشتوکاڵی تایبەتمەندی ئەمانەی خوارەوەن:
- ١) پرۆسەی کشتوکاڵ ئاسان دەکات، وەکو کێلاّن و دروێنە و ئاودێری و قەلاّچۆکردنی پەتای کشتوکاڵی.
- ٢) پرۆسەی پۆلینکردنی بەرهەم ئاسان دەکات.
- ٣) یارمەتیدەرێکە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی.
- ٤) پرۆسەی خستنەبازاڕ ئاسان دەکات.
- ٥) شارەزایی و کارامەیی جوتیار زیاددەکات .

# کشتوکاڵی تایبەتمەند



# ٦ ) کشتوکاڵی تێکەڵاو :-

ئەو کێڵگەیە، کە بەرهەمی ڕووەکی و بەرهەمی ئاژەڵی تێدا بەرهەم دەهێنرێت، کە یەکخستن لەنێوانیان ئەنجام دەدرێت، ئەویش بەهۆی پلانی کێڵگەوە، داهاتەکەشی لە فرۆشتنی بەرهەمی ڕووەکی و ئاژەڵی پێکدێت، و ئەو جۆرە کشتوکاڵیەش تەواوکاری یەکترن .

# کشتوکاڵی تێکەڵاو



# پێنجەم :جۆری كێڵگەكان -: (Types of farms):

- جۆرەكانی كێڵگە بریتییە لە :–
- ١ ) **كێڵگەی بچووك** :–
- لێرەدا جوتیار خاوەنی كشتوكاڵە بەخۆی و خێزانەكەی كاری تێدادەكەن، لە بەرهەمەكەشی بەشێك دەفرۆشێت و بەشێكیشی خۆی و خێزانەكەی بەكاری دەبەن و ئامێر و مەكینەی كەم تێدا بەكاردەهێنرێت، ئەویش بەهۆی بچووكی ئەو كێڵگەیە دەبێت.ئەم جۆرەش دابەش دەبێت بۆ:
- أ ) **كشتوكاڵی خاوەنداریەتی** :–
- ئەم شێوەیە لەلایەن جوتیارە بچووكەكان بەكاردەهێنرێت، كە پارچە زەوییەكی بچووكیان هەیە و جوتیار و خێزانەكەی وەبەری دەهێنن.
- ب ) **سیستەمی بەكرێدان** :–
- لێرەدا جوتیار هەڵدەستێت بەكرێ گرتنی پارچە زەوییەك بەرامبەر كرێیەكی دیاریكراو، ئەویش چ نەختی یان نانەختی بێت، ئەویش بەپێی ڕێكەوتنی نێوان خاوەن زەوی و كرێگرتەكە دەبێت.
- ج ) **سیستەمی هاوبەش** :–
- بریتییە لە هاوبەشی لەنێوان خاوەن زەوی و جوتیارەكە، بەمەبەستی بەكارهێنانی زەوی بەپێی ڕێكەوتنی نێوانیان .

**٢ )- كێڵگەی دەرەبەگایەتی( سەرمایەداری ) :-**

لەم جۆرە کشتوکاڵییە، کەسەکان ڕووبەرێکی فراوانی زەوی بەکاردەهێنن بۆ پڕۆژەکان یان کۆمپانیاکان و مەبەستیشی لە بەرهەمهێنان بۆ فرۆشتنە لە بازاڕدا.

**٣ ) کێڵگە هەرەوەزییەکان :-**

سیستەمێکە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنچینەی خاوەندارێتی تاکەکەسی بۆ زەوی و کارگێڕیی هاوبەش دامەزراوە، ئامانجی سەرەکیشی بریتییە لە هاندانی کۆکردنەوەی خاوەندارێتی تایبەت و سوودوەرگرتن لەخەسڵەتی بەرهەمهێنانی گەورەدا.

## ٤) کێڵگەی بەکۆمەڵ :-

بەشێوەیەکی گشتی خاوەنداریەتی زەوی و سەرمایە و بەرهەمهێنان خاوەنداریەتی بەکۆمەڵە و بەروبوومەکەشیان بەسەر ئەندامەکانی یەوە دابەش دەکرێت ، ئەویش بەپێی بەشداربوونیان .

## ٥)- کێڵگەی حکومی :-

ئەم جۆرە کێڵگەیە وەکو دامەزراوەکانی تری حکومەتە لەڕووی ڕێکخستنی و کارگێرییەوە، چونکە حکومەت ئەو زەوییانە دەچێنێت و سەرپەرشتی دەکات و بڕیاری گونجاوی بۆ دەردەکات، و بەرگەی زەرەر و زیانیشی دەگرێت، ئەو جۆرە کشتوکاڵەش لەژێر چاودێری کۆمەڵێك فەرمانبەر دەبێت، جوتیاریش وەکو کارمەند کاری تیادا دەکەن.